# رۆڵی دەستەی بەڕێوەبەران لە ئامادەکردنی ستراتیژدا

## دامەزراوەی بەدەزگاکردن بۆ بەڕێوەبەران GIoD



Website: www.iraqi-iod.org
Email:info@iraqi-iod.org
Contact number: +964 (0) 750 8787872 - +964 (0) 750 8787873

# ڕۆڵی دەستەی بەڕێوەبەران لە ئامادەکردنی ستراتیژدا

**پێشەکی:**

ئەم بەرنامەیە لەلایەن ڕێکخراوەکەمانەوە دابین دەکرێت، کە توانا دەدات بە هەموو دامەزراوەیەک بۆ داڕشتنەوە و دیاریکردنی ئامانجە گشتییەکانی، لە ڕێگەی پلاندارشتنی ستراتیژی کارامەوە. لەبەر ئەوەی هەر دامەزراوەیەك دەبێت چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی گشتیی وا دروست بکات، کە دید و ئەرک و ئامانجی لەخۆ بگرێت، بۆ گەیشتن بە باشترین ڕێژەی گونجاوی بەردەوامی. لە کۆتایی ئەم پرۆگرامە ڕاهێنانییەدا، بەشداربووان بە پێی ئەو میکانیزمی شیکردنەوە و مۆدێلە بەسوودانەی کە فێر دەکرێن، زانیاریی پێویست بۆ دانان و جێبەجێکردن و بەدواداچوونی پلانی ستراتیژی بۆ دامەزراوەکانیان بەدەست دەهێنن.

**ئامانجەکانی بەرنامەکە:**

- دیاریکردنی پلانی ستراتیژی بۆ یارمەتیدانی دامەزراوەکان لە پرۆسەی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی خێرادا.
- دەستنیشانکردنی خاڵی بەهێز و لاواز، دەرفەت و هەڕەشە شاراوەکان، کە دەبنە هۆی بەدیهاتن و جێبەجێکردنی ستراتیژ.
- دیاریکردن و پێناسەکردنی ستراتیژی کە هەل بۆ دامەزراوەکان دەڕەخسێنێت سوودە کێبڕکێییە درێژخایەنەکان بەدەست بهێنن.
- گۆڕینی ستراتیژەکان بۆ کردار لە واقیعدا.
- جێبەجێکردنی ستراتیژەکان و گەیشتن بە ئەنجامەکان لە ڕێگەی کەسەکان و پرۆسەکانەوە.
- پەرەپێدانی پلانێکی ستراتیژی و، بەدواداچوون و چاودێریکردنی، بە شێوەیەك کە دەستکەوتی ئەرێنی دەستەبەر بکات.

**دەستەی بەئامانجگیراو:**

ئەم بەرنامەیە بۆ بەڕێوەبەرانی جێبەجێکار و، سەران و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و، شیکەرەوەی بازرگانی و، هەموو کەسێکی شارەزا لە پلان و جێبەجێکردنی ستراتیژدا، لە هەموو جۆرەکانی کۆمپانیا و بانکەکاندا، داڕێژراوە.

**تەوەرەکانی وۆرکشۆپەکە:**

- پێویستیبوونی پلانی ستراتیژی
- ستراتیژ چییە؟
- پێناسەکردن و هەنگاوەکانی پرۆسەی پلاندانانی ستراتیژی
- سوودەکانی پلانی ستراتیژی
- پێکهاتەکانی پلانی ستراتیژی

Website: www.iraqi-iod.org
Email:info@iraqi-iod.org
Contact number: +964 (0) 750 8787872 - +964 (0) 750 8787873

- هەڵسەنگاندنی هەموو فاکتەرەکان بۆ هەڵبژاردنی ستراتیژ
- هەڵبژاردنی مۆدێلی ستراتیژی گونجاو
- دارِشتنی پلانی ستراتیژی و هەڵسەنگاندنی شیاویی بەربژێرەکان (بەدیلەکان)
- بەستنەوەی ستراتیژ بە کرداری ڕاستەقینەوە
- دەستنیشانکردنی دەرکەوتەی کردەوە سەرەکیبەکان
- کاراکردنی ڕۆڵی دەستەی بەرِێوەبەران لە پلانی ستراتیژیدا

**ماوەی وۆرکشۆپەکە:** رۆژانە دوو کاتژمێر بۆ ماوەی چوار رۆژ

**بۆ ئەوانەی دەیانەوێت زیاتر فێر بن و بەشداری بکەن، پەیوەندیمان پێوە بکەن لە ڕێگەی:**


**نووسینگەی بەغداد: کەڕادە، مەیدانی عەقەبە بن نافیع، بینای المحطة.**
**نووسینگەی هەولێر: شەقامی گوڵان، بینای یەکێتیی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان، نهۆمی چوارەم.**

info@iraqi-iod.org

**+964 (0) 750 8787872**
**+964 (0) 750 8787873**